North America Committee of
Komala Party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
مەڵبەندی ئامریکای باکوور

# سیمینار بۆ هاوڕێ محەمەد شافعی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە

ڕێکەوتی ٥ی فیوریە ٢٠٠٨ لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا، لە لایەن ماڵی کورد لە تۆرنتۆ سیمینارێک بۆ هاوڕێ محەمەد شافعی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەرێوە چوو.

لەو کۆبونەوەیەدا کە لەسەر بانگێشتنی ماڵی کورد لەتۆرنتۆ سازدرابو، کەسایەتی سیاسی،هونەری و نوێنەرانی چەند حیزبی کوردستانی و چەند هاوولاتیەکی کوردی دانیشتوی تۆرنتۆ، اوتاوا، کیچنێر، هەمیلتۆن و لەندەن بەشدار بوون. کات ژمێر ٧ی ئێوارە کۆبونەوەکە بە پێشکەس کردنی کورتە مێژوەیەک لەسەر ژیانو چلاکی سیاسی هاوڕێ محەمەد شافعی، بۆناساندنی زیاتر بەبەشداربوان لە لایەن کاک نورەدین وەیسی ئەندامی ماڵی کورد لە تۆرنتۆ، دەستی پێکرد. پاشان کات بۆ هاوری محەمەد شافعی تەرخان کرا کە قسەو باسەکانی پێشکەش بکات.

هاوڕێ محەمەد سەرەتا لەسەر مێژوی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دواو لە کۆماری مهاباد بەم لاوە خستیە سەر باسو لێ کۆڵینەوەو جەختی خستە سەر ئەوە کە هەرچەند زۆر جاران خەبات لەم بەشە لە کوردستان لاوازی بەخۆیەوە بینیوە بەلام ئەوە بو هومیشە نەبوەو توانیوێ بەهێزبێتەوە وخەباتی بێپسانەوەی بە خاڵێکی تایبەت نرخاند، هاوڕێ محەمەد لە درێژەی باسەکانی ئاماژە ی بەئەزمونی باشووری کوردستان و تەءسیری لەسەر بەشەکانی دیکە ی کوردستان کرد. بەرەی کوردستانی بەشێکی دیکەی باسەکان بو کە تیشکی خستەسەر و سووور بونی کۆمەڵە لەسەر پێداگری بۆ پێکهینانی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی دوپات کردەوە وتیشی کە هیچ کۆسپ و کێشەیەک ناتوانی لە هەوڵدان بۆ ئەم مەبەستە ساردمان کاتەوە چون پیویستیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ کورد لە کوردستانی

رۆژهەڵات.

لە درێژەی باسەکانی، هاوڕێ محەمەد دیاردەی لێکترازان و دوو کەرت بونی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات و بەتایبەت کێشەکانی ئەم دۆایانەی کۆمەڵەو هۆکارەکانی جیابونەوەی کەمینەی پێشوی بۆ بەشداربۆان تاوو توێ کرد. پاشان بارودۆخی ئێران و جێگای بزوتنەوەی حەقخۆازانەی گەلی کوردی لەم گۆرەپانەدا لێکدایەوەو لەسەر سیستێمی فیدراڵی بۆ داهاتوی ئێران وەک سیستمێکی گونجاۆ قسەۆ باسێکی پێشکەش کرد. دۆایین بەشی قسەکانی لەسەر کۆنگرەی نەتەوەکانی ئیران و کاریگەری لە یەکریزی نەتەوە بندەستەکان بەرامبەر رێژیمی ئیسلامی و مانەوەی ئەم نەتەوانەو بەشداریان لەحکومەتی داهاتوی ئێران وەک فاکتەرێکی گرینگ باس کرد.

لە بەشی دووهەمی سیمینارەکە بەشداربوان پرسیارەکانی خۆیان پێشکەش هاوڕێ محەمەد شافعی کرد کە ناوەرۆکی پرسیارەکان نیشاندەری پێشۆازی گەرمی بەشداربۆان لە بابەتەکانی بەریزیان بو کە بە چڕوپری وۆلام درانەوە. بەم جۆرە پاش ٣ سەعات ئالوگۆری بابەتەکان کە جێگای رەزامەندیی بەشداربۆان بو ئەم کۆبونەوەیە کۆتایی پێهات.





